# نامۆبوونی خودی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا
# دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە) بەنموونە

پ.ی.د.لوقمان رەئوف عەلی
کارگێڕی کار، پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلیمانی.

**پوختە:**
ئەدەبی کوردی بەدرێژایی مێژووی تاوەکو ئەمڕو، بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕبووەو لەسەردەمی شیعری نوێشەوە، گۆڕانکارێکی باشی بەسەردا هاتووە، هەربۆیە گەشەیەکی فراوانی لەسەرجەم بوارەکاندا بەخۆوە بینیوە، نامۆبوونیش یەکێکە لەو گۆڕانکاریانەی کە لەناو شیعری کوردیدا سەریهەڵداوە، ئەم گۆڕانکارییە نوێییەش پەیوستە بە بارودۆخی تاکەوە لەناو پێگە کۆمەڵایەتییەکەدا، لێرەوە ڕەنگدانەوەو پەرچەکردارەکان لای کەسەکە سەرهەڵدەدەن، بۆیە نامۆیی لەم لێکۆڵینەوەدا بەتەواوی جیاوازە لەسەرجەم ئەو نامۆبوونە خودیانەی کە پێشتر باسکراون، چونکە لەلایەک نامۆبوون بە مانای داپڕانە لە تەواوی ئەو بیرو ئایدیاو خەباتەی، کە لە زەمینەی واقیعدا کاری لەسەرکراوەو بەهۆی پیادەکردنی پرەنسیپی جیاوازتر لەپرەنسیپە کار بۆ کراوەکانی شۆڕش، ئامادەنەبوونی ئایدیای خەبات و نیشتمان لەرۆحی شاعیردا سەریهەڵداوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری و جێگەوتی لای شاعیر دروستکردووە، کەواتە نامۆبوون بریتییە لە نامۆبوونی ڕۆحی شاعیر لەگەڵ پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردن لە هەرێم دا، بۆیە دواجار نیشتمانی لە کچێکدا دەبینێتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە بەتەواوی خود لەدەستنەدات، یان بۆئەوەی بتوانێت لەگەڵ ژیاندا درێژە بە بوونی خۆی بدات، بۆیە لێرەوە جیاوازی نامۆبوونەکەی شاعیر بریتییە لە نامۆبوون لەخودی و منی شاعیر.
**وشە سەرەکیەکان:** نامۆبوون، شاعیر، خود، رۆح، پرەنسیپ

## ملخص البحث

يعمل هذا البحث على الاغتراب في ديوان (الآن الفتاة هي وطني) شيركو بيكەس، و من هذا المنظور يتم عرض مفهوم الاغتراب و تعريفه، مع اختلاف وجهات النظر عن الاغتراب. من أجل تقديم الهدف الذي يتم تقديمه في نوع الاغتراب عن شيركو بيكاس نفسه ، فإن الاغتراب في هذه الدراسة هو تقديم الأسباب التي جعلته شاعرا وطنيا وقوميا وثوريا ...... إلخ، بعد انتصار الثورة وعودته من الخارج، أصبح غريب عن الوطن ، بينما قضى سنوات طويلة في خدمة

الوطن والثورة والنفي، لكنه لم يشعر بالغربة عن الوطن حتى انتصار الثورة وعودته من الخارج ، كان يأمل في خدمة الوطن ، ولكن في بداية عودته وحياته في السليمانيه، انعكست آرائه حول نتيجة الثورة، لذلك فهي تعاني من الاغتراب ، لعدم وفائهما بشعارات الثورة والنضال والأفكار و غيرها. ديوان(الآن الفتاة هي وطنى) دليل على هذه الحقائق.
يتكون هذا البحث من جزأين: الجزء الأول يتناول مفهوم و تعريف الاغتراب والاغتراب من زوايا مختلفة ، مع تعريف اغتراب الشاعر من اتجاهين (اغتراب الشاعر عن نفسه ، اغتراب الذات عن البيئة).
أما الجزء الثاني فيتناول ظواهر الاغتراب عن الذات في قصائد الشاعر ، مثل فقدان السيطرة ، و عدم القدرة على القياس، و فقدان المعنى ، و العزلة الاجتماعية، و تغريب المبدأ، اغتراب المصير).
المفردات الاساسية: الاغتراب، الشاعر، النفس، الذات، المبدأ

مفتاح:
الاغتراب – الوطن – الذات – الامة

## ١-بەشی یەکەم: ناساندن

### ١-١چەمک و پێناسەی نامۆبوون:

نامۆبوون دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتییە و بەهۆی باشتر ناساندنی لە ڕێگەی زانستی سایکۆلۆژیاوە، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم نیشانە و دەرکەوتەکانی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا گرنگی زۆری پێدراوە، بەدەر لەمەش ژیانی مرۆڤ بەبەردەوامی و لە هەموو سەردەمەکاندا لە گۆڕاندایە و هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە هەیەو لێرەوە کاریگەری و جێکەوتی خۆی بەجێدەهێڵێت.
چەمکی نامۆبوون چەمکێکی بیری نوێیە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیەو لە زمانی کوردیدا نامۆ بەمانای داپڕاوی تەواو لەشتەکان، لەنیشتمان، لەوڵات، لەخاک و ئاین..... تاد)هاتووە، لە فەرهەنگی هەمانە بۆرینەدا نامۆیی بەواتای(بێگانەیی) هاتووە( هەژار ،١٣٧٦: ٨٧٥) ئەمەش بەمانای ڕێکنەکەوتنە لە نێوان ماهیەت و بووندا، بەهۆی هەستکردن بەکەمی، یان نەگونجاندن و جیاوازی دێتەدی.
لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی (نامۆ) واتە دابڕاو، نەناسراو، دوور لەو ژینگە و نیشتیمانە، لەگەڵ پاشگری (ی) پێکهاتووە، وشەی نامۆیی (Allination) لە زمانی ئینگلیزیدا ( Allination) لەزمانی فەرەنسیدا(Allination) لە بنچینە لاتینیەکەوە (Allination) هاتووە (سلامی، ٢٠٠٠: ٣٢) کە بە واتای گواستنەوەی خاوەنداریەتی شتێک بۆ کەسێک، یان لێسەندن و داماڵینی لێی و دواتر درێژکراوەتەوە و کردەی (Alienus)ی لێوەرگیراوە، کە بەواتای لایەنداری (الانتماء) بۆ کەسێک دێت (النصاري، ١٩٦٨: ٣٢)

له زانستی پزیشکیشدا، هەژانی مێشکی مرۆڤ وا لەمرۆڤ دەکات، نامۆ بێت لەخودی خۆی و کۆمەڵگەکەی، بەڵام لەفەلسەفەدا نامۆبوونی مرۆڤە له کرۆکی خۆی.(سلامی،٢٠٠٠: ٣٣)، یاخود" ئەو گوزارشتەیە کە مرۆڤ بەهۆی داپرانی لەخۆی پێوەی دەناڵێنێ و دەریدەبڕێت، واته داپرانی تاکه له هەست و سۆزی تایبەتی و خواست و بیروباوەڕی خۆی و لەدەستدانی هەستکردن بە بوونی کردارەکان"( العقيلي، ٢٠٠٤: ١٠)، کەواتە نامۆبوون بریتییە لە داپران و داڕمانی کەسیەتی و بوونی تاک له کۆمەڵگە و دەوروبەر، پاشان لەگەڵ خودی خۆی و زانست، پاشان ڕۆشنبیریدا.

قەیس نوری دەڵێت"نامۆبوون بریتییە لە داپران لە کۆمەڵگەو ڕۆشنبیریەکەی"( النوری،١٩٧٩: ١٨)، هەرچی(اجلای سری)ه دەڵێت "نامۆبوون بریتییە لە مانگرتنێکی دەروونی، کە گوزارشت لە نامۆبوونی خود دەکات، لەڕێگەی شوناسەکەیەوە، دواتر لە واقیعی دادەبڕێت و دوریدەخاتەوە لە کۆمەڵگە، ئەمەش نامۆبوونە بە دەرون و جیهان و مرۆڤ" (جديدي ،٢٠١٢: ٣٤٨)، هەروەها ابو بكر مرسي دەڵێت " هەستکردنی تاکە بەوەی کە نامۆیە بە خودی خۆی و خۆی وەک ناوەندی جیهانی خۆی ناناسێنێت و لەدەرەوەی پەیوەندییە بە دەروونی خۆیەوە، هەروەک چۆن لە دەرەوەی پەیوەندییە لەگەڵ ئەوانی تردا "(مرسی،٢٠٠٢: ٥٨)،کەواتە نامۆیی بریتییە لە هوشیاری تاک لەسەر ململانێی بەردەوام لەنێوان خود و دەوروبەردا، یاخود تێکچوونی پەیوەندی تاکە لەگەڵ خۆی و جیهان، یان ژینگەکەیدا، یاخود نامۆبوون ململانێی نێوان خود و ئەوی ترە، ململانێیە لەپێناو ئازادی و مانەوەدا.

لەکۆی ئەو چەمک و پێناسانەی کە لەسەر نامۆیی کراون، ئاماژە بە داپران و دوورکەوتنەوە دەکەن، ئیدی داپرانی فیزیکی بێت، یان دەروونی، بەڵام ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگەو مەبەستمەو فۆکەسی بخەمەسەر ئەوەیە، کە نامۆبوون لە نیشتمان هەیە، بەهۆی دوری لە نیشتمانەکەیەوە، نامۆبوونیش هەیە بەهۆی دورخستنەوەی لە نیشتمانەکەیەوە بەهۆکاری سیاسی. نامۆبوونیش هەیە لەناو نیشتیمانەکەیدایەو بەهۆی نەدانی مافەکانیان، یان جیاوازبوون لەگەڵ دروشمەکان دروستدەبێت، نامۆبوونی شێرکۆ بێکەس لەم جۆرەیانە، چونکە ئەم نیشتیمانە ناناسێتەوە، لەکاتێکدا پێشتر بەرنامەیان بۆ داناوەو شۆڕشیان بۆکردووە و خەیاڵیان بۆی هەبووەو خۆی یەکێک بووە لە کاراکتەرەکان، کەچی لەئێستادا نامۆیە بەم نیشتیمانە لەگەڵ ئەوەی ئەوەندە لێی دانەبڕاوە کە نامۆبێت، یان ئەوەندە دوور نەخراوەتەوە تا نامۆبێت، واتە بەردەوام لەگەڵ ئەم نیشتیمانەدا ژیاوەو لەشەست و حەفتاو هەشتاکاندا لەشاخ و دوای ڕاپەڕینیش لە پەرلەمان و واقیعدا بەشداری ئازارەکانی بووە، کەچی نامۆیە بەم نیشتیمانە، بۆیە نامۆبوون بریتییە لە داپرانی رۆحی شاعیر لەگەڵ دەسەڵات و پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردن، بەهۆی بوونی دووفاقی لەکارو دروشمدا.

## ١-٢- نامۆبوون لە روانگە جیاوازەکانەوە:

نامۆبوون لە ڕووی فەرهەنگییەوە، واتاکەی زیاتر پەیوەستکراوە بە فەلسەفەوە، بۆ نموونە ئەفلاتون لە کتێبی کۆماردا تارادەیەکی زۆر بیری نامۆبوونی نەشاردۆتەوەو بەردەوام وەک مرۆڤێکی نامۆ کاری لەسیاسەت و ئاکاریەتی سەردەمەکەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەسفی شارەکەی وا دەکات، کە هاوشێوەی لەهیچ شوێنێکی سەرزەویدا نییە(شاخت،١٩٨٥: ٢٢)،جگەلەمەش ئەفلاتون نامۆیە بەخودی خۆی و دەڵێت"جەستە گۆرستانی ڕۆحەکانە" (شاخت، ١٩٨٥: ٢٣)، ئەم جۆرەش بریتییە لە نامۆیی شاراوە، چونکە لەکۆندا ڕەنگدانەوەی لەسەر دەرەوەی مرۆڤ و ڕەفتارەکان نەبووە، بەو مانایەی کاریگەری لەسەر دەوروبەر نەبووەو هەستیان بەم جۆرە نامۆبوونە نەکردوە.

لەم بارەیەوە هیگڵ دەڵێت" نامۆبوون، واتە دابڕان یان جیاکردنەوەی خودی مرۆییە، کە وەک کیانێکی ڕۆحی و کیانێکی کۆمەڵایەتی لە بوونی جیادەبێتەوە " (جديدي،٢٠١٢: ٣٤٨)، جگە لەمەش هیگل پێیوایە"چەمکی نامۆبوون دوو مانای هەیە، بەمانای ئاماژەیی و بەمانای نیگەتیڤی (صبار،٢٠٠٠: ١٤)، هەروەها لە پەیمانە کۆمەڵایەتییەکەی هیگڵدا چەمکی نامۆبوون بریتیە لە پرەنسیپی دەستهەڵگرتن و وازهێنان لە نێوان تاک و دەسەڵات وەک لایەنی دووەم، بەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە واز لە مافەکانیان دەهێنن بۆ دەسەڵات(کراد،٢٠١٧: ٢٤) هیگل پێیوایە" کە مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی دەکات، ئەوە ئازادی بەدەستهێنانەوە، هەروەها کە لەخودی خۆی دادەبڕێت، ئەوە نامۆبوونیەتی" (کراد،٢٠١٧: ٢٤)

هۆبز پێیوایە" مرۆڤ دەتوانێت پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ببەستێت، لەپێناو بەدەستهێنانی شتێک، کە دەیەوێت و لە بەرامبەردا مافەکان بدات بە بەرامبەر تا بەکاریانبهێنێت، ئەمەش کارێکی هەڵبژاردنی نییە، ئامانج لەمەش بەدەستهێنانی هەندێک کاری باشە بۆخۆی"( شاخت، ١٩٨٥: ٧٢) ئەمەش نامۆبوونێکی ئیجابیە، رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا وشەی (Alienation)ی بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە ناساندی خودی تاک بۆ گرفتێک، ئەمەش نامۆبوونێکی ئیجابیە، لەپێناو بەرژەوەندی گروپەکەو خودی خۆی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا پێیوایە شارستانیەتی خودی مرۆڤی دزیوە و کردویەتیە کۆیلەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، بۆئەوەی ببێتە خودێکی تر و تەحەکوم بە ئیرادەیەوە بکات بەدەر لەخۆی، بۆیە نامۆبوونی بەهاو واتای شوێنکەوتەیی (Heteronomy) بەکارهێناوە)( حماد،١٩٩٥: ٤٦) بەهۆی ئەمەشەوە مرۆڤەکان دووچاری نامۆبوونی خودی دەبنەوە. لای بونگەراکانیش (نامۆیی بەجیهان و ئەوانی تر، نامۆیی بەخود، نامۆیی بەخودا) بەشێکە لە بیرو روانینیان بۆ ژیان و دەوروبەریان، بەڵام دواجار هەموویان جەخت لەسەر جیاکاری لەنێوان بوونی مرۆڤ و ناوەڕۆکیدا دەکەن، واتە ڕوخساری لەگەڵ ناوەڕۆکی یەکناگرێتەوە، بەوپێیەی بەهاو سەنگی خۆی لەکۆمەڵگەدا لەدەستدەدات، بۆیە هەست بەنامۆیی دەکات.

لای مارکسیش نامۆبوون بەهۆی جیاوازی و ململانێی کۆمەڵگەی بۆرجوازی و چینایەتییەوە، سەرهەڵدەدات، چونکە سروشتی سیستمی سەرمایەداری وایە، جگەلەمەش (مرۆڤایەتی و شەرانگێزی) بەهۆی دابەشکردنی کارەوەیەو بەهۆی ئەمەشەوە، باشیەکانی کار بۆ

دەوڵەمەندەکان و داماویەکەشی بۆ هەژارانە، بۆیە کرێکار لەکاردا خاوەنی خۆی نییە، بەڵکو موڵکی ئەوی ترە، (مارکس،٢٠١٨: ١٧٤)، بۆیە مرۆڤ کەخۆی بەرهەمهێنی سەرمایەو شارستانییەتە، کەوایە خۆی بەرهەمهێنی نامۆبوونی بنچینەییە، هەروەها لای مارکس نامۆیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لەڕوانگەی بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەوێت، لەناو بەستێنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

لە مڕۆشدا زۆرێک لە هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە دووچاری ئەم جۆرە نامۆییە بوونەتەوە، بۆیە ڕوانین و ڕەنگدانەوەیان بۆ نیشتمان نێگەتیڤە، شێرکۆش لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە ) هەست بە ژیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات، بەڵام هەست بە داپران لەگەڵ دروشمەکانی خەبات و شۆڕش و سەرکردەکان دەکات، لەگەڵ بەرنامەکەیان و کارکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەشێوازێک گەیشتووەتە ئاستێک، خودی خۆی وەک خودێکی خەباتگێڕ، یان وەک خودی شاعیر ناناسێتەوە ، بۆیە لێرەداو لەم روانگەوە توشی نامۆیی رۆحی خودی بووە، هەر بۆیە نامۆیی شێرکۆ بێکەس جیاوازە لەنامۆیی تەواوی شاعیرانی پێش خۆی، چ کورد چ بیانی.

## ٢- بەشی دووەم: نامۆبوونی خودی لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شاعیردا

لەناوی دیوانەکەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە کە تا ساڵی(٢٠١١) نیشتمان هەر نیشتمانی هەمووان بووە، بەڵام لەدوای ئەم مێژووەوە، ئیدی کچ بووەتە نیشتمان، ئەم داپرانەی شاعیر لەنیشتمان، بووە هۆی نامۆکردنی شاعیر بەرامبەر بەژیان لەم نیشتمانەدا، لەبەرئەوەی نامۆبوون لەم دیوانەدا لەگەڵ ئەوەی نامۆبوونی خودییە وەک شاعیر بەرامبەر شوێن وەک سنوری دەسەڵات، بەڵام دواجار وەک کۆمەڵگەو دەسەڵات پیشانیدەدات، هۆکاری سەرەکی ئەم میکانیزم و نامۆبوونە خودیەی شاعیر، بەشێوازێک کە تەواو جیاوازبێت لەگەڵ تەواوی نامۆبوونەکانی پێش خۆی، بەخشینی ئەو تەمەنە زۆرەی بووە بە شۆڕشێک، کە لەپێناو نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆدا هەوڵی بۆ داوە، بەو پێیەی شاعیر لەتەمەنی(٢٤) ساڵیدا شار بەجێدەهێڵێت و ئەچێتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولەوەو لەڕادیۆی شۆڕشدا کار ئەکات و لە بڵاوکراوەی (دەنگی پێشمەرگە)دا شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە، جگە لەمەش دووبارە لەمارتی(١٩٧٤)دا لەگەڵ دەیان ڕوناکبیرو نووسەرو شاعیری دیکەدا، ئەچنە شاخ و لە پاڵ شۆڕشی ئەیلول و لەدەزگای ڕاگەیاندندا کاردەکات، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و دواتر لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە، وەك هەزاران کوردی دیکە، دوور ئەخرێتەوە بۆ پارێزگای ڕۆمادی/ هیت / ناحیەی بەغدادیە، جگەلەمەش لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٤) دا دیسانەوە ڕوویەکاتەوە شاخ و لەپاڵ شۆڕشی نوێی کورددا، لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان و لە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش و ڕادیۆدا کاریکردوە، بۆیە چاوەڕێی گۆڕانکاری و هێنانەدی خواستی شۆڕش و گەل و ڕاپەڕین بووە، بەڵام بەهۆی بوونی داپرانی تەواو دوای ئەم(١٩) ساڵەی حکومرانی هەرێم لەنێوان شۆڕش و راپەڕین و خەیاڵی شاردا، ئەم نامۆبوونەی لای شاعیر دروستکردووە، نەک لایەنی دەروونی و خودی شاعیر هۆکاربوویێت بۆ ئەم حاڵەتە، لەئەنجامی گەندەڵبوونی

دەسەڵاتداران، ژیان بە بارە جیاوازیەکانییەوە ئاڵۆزو قورسبووەو دواجار بەهۆیەوە تاکەکان دووچاری نامۆبوونە جیاوازەکان بوونەتەوە،

شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەوەی بە ئەزموونی خەباتی شاخ و شاردا تێپەڕبووە، بەڵام دەرئەنجامی خەباتی شاخ لەشاردا پێچەوانە بووەتەوە، بۆیە دووچاری نامۆبوونێکی دەروونی و ڕۆحی و مرۆیی‌و.......تاد کردووە، ئەمەش تێڕوانینی بۆ ژیان و خەیاڵ و بیر گۆری، جگەلەمەش شێرکۆ وەک شاعیر خۆی وەک نوێنەری هاووڵاتی و شار وەک شاری سلێمانی و دواجاریش کوردستان دەزانێت، بەڵام وەک کەسێکی دەرەوەی هەرێم لەناو هەرێمدا دەژی و نامۆیە بە سەرجەم شتەکان لەناوخۆدا، ئەمەش ئازاری زیاترە، چونکە شاعیر، یان مرۆڤ ناچاردەکات بە ملکەچبووون، یان قبووڵکردنیان، ئەمەش ململانێیەکی توندی دەروونی بۆ دروستکردوەو بەهۆیەوە نامۆیی کۆنترۆڵی بوونی شاعیری کردووە.

نامۆبوونی شێرکۆ بێکەس، یاخود نوسینی ئەم دەقە بۆ ئەوەیە، خۆی لەو بەناو بەرپرسیاریەتییە ئاکاری و نیشتیمانی و.....تاد بێبەری بکات و پشتیوانی هاووڵاتیان و گەلەکەی بکات، بۆیە بەڕاشکاوی ئەوەمان پێدەڵێت کە لەهەمووان زیاتر دڵگران و ناڕازیە، لەگەڵ ئەوەی شاعیر لە چاو خەڵکی تر دا دەبوو رازیبوایە، چونکە جگەلەوەی خاوەن خەباتی شاخە، هەروەها بەشێوەیەک لە شێوەکان سوودمەندبووە لە دەسەڵات، بەڵام شێرکۆ لەگەڵ گەلدایە، چونکە خەبات بۆ گەل و نیشتیمان نەکراوەو ئەوەی زەرەرمەندی یەکەمە گەل و نەتەوەو نیشتمانە، بۆیە لەئەنجامی ئەم مەترسیە دووچاری نامۆیی خودی بەرامبەر بەڕابردووی کارو خەبات دەبێتەوە، چونکە سیاسییەکان، یان شۆڕشگێڕەکانی خەبات و شاخ، بەرپرسی یەکەمی ئەم بارودۆخەن، شاعیر پێیوایە کەسی سیاسی دەبێت خاوەن عەقڵێکی باڵاو ڕۆشنبیرێکی سیاسی بەرزبێت، بۆئەوەی کاروباری وڵات بە باشی و دادپەروەرانە بەڕێوە ببات، کە پێشتر کۆی بیرۆکەکان لەسەر ئەم دادگەرییە بوون، بەڵام ئێستا نەک ئەم دادگەرییە، بەڵکو نیمچە دادگەریش نەڕەخساوە، چونکە"هەموو سیاسیەکان لۆژیکێکیان هەیە، لەسەرەتادا ئەو دروشمانە بەرزدەکەنەوە کە ورەی جەماوەر بەرزدەکەنەوەو داوای یەکسانی دادگەری و دەستبەری کۆمەڵایەتی و.....تاد دەکەن، بەڵام کەگەیشتنە دەسەڵات، هەرەمی دروشمەکان هەڵدەگێڕێتەوە (بوعافیە،٢٠٠٩:ص٧٥)، دەرئەنجامی ئەمەش هەستکردنی تاکە بە دورکەوتنەوە لێیان و لە ئاڕاستە سیاسیەکانیان، بەمەش هەستکردنی تاکە بەوەی کە بەشێک نییە لە پرۆسە سیاسییەکان و بڕیاردانەکان و هیچ حسابێکی بۆ ناکەن، (عبدالمختار،١٩٩٩: ٢٥)، واتە تاک هەستدەکات هیچ کاریگەریەکی لەسەر پرۆسەی سیاسی نییە، دەرئەنجامی ئەمەش بارودۆخی سیاسیی حزبی، یان بە حزبیکردنی شتەکان وایکردووە کە هەرێم دابەشبکرێت و خەڵکی باری سەرشانیان گران بێت و خزمەتگوزاری......تاد نەبێت، بەشێوازێک نیشتیمان بووەتە مەنفایەکی گەورە، واتە نیشتمان بەندیخانەیە، مادام هاونیشمانی لەناو نیشتمانەکەیاندا کۆتکراون و باری سەرشانیان گران بووە، واتە واقیعێکی سیاسی نەزۆک و کلاسیکی هاتوەتە ئاراوە، بۆیە شێرکۆ ئەم دیوانەی وەک راو بۆچوونی خۆی لەسەر هەڵوێستی شۆڕش و خەبات نوسیوەو دەیەوێ خۆی لە ئەنجامەی

پێبەری بکات، کە بەهۆی لاوازبوونی بیرو ئایدیای دیموکراسی لە هەرێمدا هاتوەتە ئاراوە، بۆنموونە:

من ناوم( ناڕازییە)
لەدایکبووی شاری یاخیبوون و
گەڕەکی کوێرەوەریم
لێرە بەدوا.. من سەر بە بێدەنگی نیم
من رێبواری سەر رێ و بانی
هەتا هەتای چاوەڕوانی و
دروشمی بێدەست و قاچ نیم
لەمڕۆ بەدواوە
من هاووڵاتی خەریتەی
نیشتمانێکی دزراو نیم.... ٨١

ئەگەرچی لەم دیوانەدا کۆی کەرەستەی یاخیبوونەکانی شێرکۆ وشەن، واتە لەرێگەی یاخیبوونی وشەو یاخیبوونی ویژدان و کەرامەتە بەرامبەر بە مێژو و سیاسەت و ....تاد، شوناسی یاخیبوون بکاتە دۆزو لەم رێگەیشەوە دەیەوێت مەترسیەکەو کاریگەریەکانی بدات بە گوێی دەسەڵاتدا، چونکە کارئەکتەرەکانی دەسەڵات بەگشتی گوێ لەشیعری شێرکۆ دەگرن، بەمانایەکی تر شێرکۆ بێکەس خۆی دەکاتە قەسیدەیەك بۆئەوەی لەرێگەیەوە، خۆی بکاتە ناسنامەی نەتەوەو نیشتمانێك، چونکە پێشتر شێرکۆمان وەك شاعیرێکی شۆرشگێری نەتەوەیی و نیشتمانی دەناسی(رەئوف،٢٠١٨: ١٧٣)،کەواتە شاعیر لەدەقی شیعریی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا راستەوخۆ لە رابردوی خەباتی سیاسی(شاخ، شار) یاخی دەبێت، داواجار دووچاری نامۆبوونی خودی بووەتەوە، کەچی لەساڵانی حەفتاکاندا مانیفێستی نوێگەری و یاخیبوون لە ئەدەبدا راگەیاند، بەڵام نەک دووچاری نامۆبوونی نەکرد، بەڵکو سەرەتایەکی نوێی بۆ ئەدەب دیاریکرد.
بەگشتی نامۆبوونی خودی لای شێرکۆ بێکەس لە دوو ئاراستەوەیە:

## ٢-١- نامۆبوونی شاعیر لەگەڵ خود (self estrangement):

ئەو جۆرەیە کە تاک ئەوەندە هەست بە داپران و نامۆیی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات، تا دەگاتە ئەوەی هەست بە نامۆیی لەگەڵ خودی خۆیشدا بکات، "ئەو جۆرەیە کە تاک تواناى نییە لەگەڵ خودی خۆیدا بەردەوام بێت و هەست بە داپران دەکات لەوەی لەسەریەتی، بۆیە ژیانی تاک بێ ئامانجەو کاتێک هەست دەکات ناتوانێت شتێکی وا بەرامبەر بە رووداوەکان بکات، بۆیە دوچاری نامۆبوون دەبێتەوەو بەهۆیەوە ناچارە بچێتە ژێر رکێفی کارەکانی، ئەمەش لایەنێکی نێگەتیڤە، بۆیە هەست بە بێ مانایی ژیان و دواتریش نامۆبوون لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات " (غمیض،٢٠١٥: ٤٤)، یان ئەو جۆرەیە کە تاک لە توانایدا نییە لەگەڵ خودی

خۆیدا بەردەوام بێت، و هەست بە داپران دەکات و بێهیوادەبێت لە ئامانجەکان و دواجار کاتێک هەستدەکات دەسەڵاتی بەسەر کردارو رەفتارەکانیدا نامێنێت، هەست بە نامۆبوون دەکات، تەنانەت تاک هەستدەکات نامۆیە لەگەڵ دەروونی خۆشیدا، بەشێوازێک ژیان بەهاو مانای نەماوە"( الجبوری،٢٠١٥: ٢٠)

یان بریتییە لە داپران لەنێوان تاک و خوددا، ئەمەش لەپاش هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و نەمانی متمانەو...تاد دروستدەبێت، یاخود بریتییە لە ونبوونی تاک و هەستکردن بە داپران لە دەوروبەر و ژیانی بەبێ هیچ ئامانجێک بەسەردەبات، بەشێوازێک کە ژیان هیچ مانایەک نابەخشێت(غمیض،٢٠١٥: ٢٩)، یان ئەو جۆرەیە کەبەهۆی جیاوازی و جیاکاری نێوان مرۆڤ و جیهانی دەرەوەی لەنێوان واقیع و خەیاڵ، لەنێوان ئەوەی لەسەریەتی و پڕوای پێی بووەو کاری بۆکردووە، ئەوەی کاری پێدەکرێت، لەنێوان ئەوەی خاوەنیەتی و ئەوەی خوازیاری بەدەستهێنانیەتی، لەنیوان سیستمی جیهان و سیستمی بیرکردنەوەی، لەنێوان جیهانی ئەوان و جیهانی تایبەت، بەمەش بیرۆکەی داپرانی گشتی مرۆیی لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات (السید،٢٠٠٠: ٤٣)، یان"بریتییە لە نامۆبوون لە خود و دورکەوتنەوە و داپران لە دەوروبەر" (یوسف،٢٠٠٥: ٣٨)، بەمەش دەگاتە حاڵەتی وەڕەسبوون لە خود، وەک دەڵێت:

من لەخۆمدا لەناو خۆمدا
رەنگم لە دەنگم بێزارەو
دەنگم لە بۆنم بێزارە
هەر لەم کۆڵانەئ ئێمەدا
دەرگا لە چوارچێوەی خۆی و
شووشە لە پەنجەرەی خۆی و
سیلەی کۆڵان لە کۆڵان و
کۆڵان لە دیوار بێزارە.....

ئەم بێزاربوونەی شاعیر لە خودی خۆی، دەرئەنجامی کۆمەڵێک رەفتاری دەوروبەرە، بەمانایەکی تر دەرئەنجامی کارە هەڵەکانی دەسەلات، یان حکومەتە، چونکە کارکردن بە پێی پێوەری بەرژەوەندیە، نەک گەل و نەتەوە، هەرلەبەرئەمەش کە شاعیر دەبینێت دروشمەکان بەپێچەوانەوە کاریان لەسەردەکرێت، ئیدی دووچاری ئەم نامۆبوونە خودیە بەتەوای جۆرەکانییەوە دەبێتەوە، یاخود دەڵێت:

لەسەر جادەی سەهۆڵەکە راوەستاوم
من تەمەنم نۆزدە مۆمەو
لەو نۆزدەیە فووی نیشتمان
سێ چوارێکی هێشتەوە
بۆ شەوقی بزەو پێکەنین
نۆزدە هەناسەی بەردێکی سەرە رێگا.

نۆزده بڵقی قیری جادەیەکی هاوین
نۆزده قاوغە فیشەکی شەڕی ناوخۆ
نۆزده تیکەی لەقوڕگ گیراو
نۆزده سکاڵای ونکراو
نۆزده ڤالیۆم بۆ نۆزده شەو

شاعیر زۆر بە ئاشکرا باسی حکومڕانی (١٩)ساڵی حکومەتی هەرێم دەکات کە لەو ماوەیەدا، کارێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ دروشمەکانی شۆڕشدا بێتەوە نەکردوە، بۆیە ژیان بەتەواوی لەم ساڵانەدا خەم و ناخۆشی بووەو تەنها چەند ساتێکی کەم بەخۆشی ژیاوە، لەبەر ئەمەش ئەو نامۆبوونەی بەرامبەر دەوروبەر دەخاتەروو، بەمانایەکی تر کردارەکان ئەوەندەیان بێزارکردوە، ئیدی نازانێت لەکوێدایەو ئەرکی چییە، دەبێت لەبەرامبەر ئایندەدا چی بکات و چ ئاکارێک بگرێتەبەر، هەروەها دەڵێت:

ئاو بێزاریی خۆی بردە لای ڕەگەکان،
ڕەگەکان بردیانە لای ناوقەدی دارەکان.
ناوقەد بردیە لای لق و پۆپ. لق و پۆپ
بردیە لای پژوپۆو گەڵاکان. ئەوانیش
بردیانە لای چاودێر و ئەویش بردیە لای سەرۆکی
شارەوانی و ئەویش بردیە لای نیشتمان
نیشتمانیش هەر گوێی نەگرت

نامۆبوونی شێرکۆ وەک شاعیر لەگەڵ خود لەوەوەیە، دەیەوێت بڵێت بەداخەوە بێزارییەکان، نەک هەر لەدوای یەک، بەڵکو سات لەدوای سات و ساڵ کەڵەکەبوون، بەهۆی گوێنەدانی دەسەڵاتەوە، بۆیە بەهۆی ئەو بارودۆخ و سیاسیەتەی کە پەیرەوکراوە، بەشێوازێک گەیشتوەتە ئاستێک شێرکۆ وەک شاعیری شۆڕش و خودێک وەک کەسایەتییەکی دوای شۆڕش یەکناگرنەوەو دژن لەگەڵ یەکتری و کەوتوونەتە نێوان چەندین پرسیاری ڕۆژەوە، بۆیە بەهۆی نەبوونی هۆکاری ڕازیکەرو هیوای چارەسەرکردن، دووچاری ئەم بێزاری و نامۆبوونە بووەتەوە، هەروەها دەڵێت:

لەناو مندا
بێزاریی هێند چڕبۆتەوە
خۆم ئەبینم بێشەڵانم و
دەراڵێکی ناو <زماک>م و
تاڵێ هەتاو ناگاتە لام

کەواتە شاعیر بەهۆی ئەم کارانەوە ئەوەندە بێزارکراوە، ئیدی هیواو ئومێدی بە خەباتی مەدەنیش نەماوە بۆ گۆڕانکاری، بۆیە خۆی وەک کەسێکی بەکارهاتوو، یان وەک پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن بەسەریدا دەبینێتەوە، بۆیە گەیشتووەتە ئەم ڕوانینە.

**٢-٢-دووەم: نامۆبوونی خود لەگەڵ دەوروبەر( سلێمانی وەک نموونەی هەرێمی کوردستان)**

ئەو جۆرەیە کە شاعیر هەست بە داپرانێکی زۆر دەکات لەنێوان خۆی و دەوروبەردا، لەکاتێکدا خۆی یەکێکە لە کارئەکتەرەکانی ئازادی و ناساندنی خەبات و شۆڕش، ئەمەش دەرئەنجامی خراپی پراکتیزەکردنی سیاسەت و حکومڕانیەوەیە، واتە لەئەنجامی سەرهەڵدانی دووبەرەی داپراو و جیاواز لە چینایەتی و کارو بیرکردنەوەدا، وەک دەڵێت:

من گوێم لێیە
لێرە خاك نرکەنرکێتی و ئەناڵێنێ و
ئەوەندەیان لێدزیوە
لەمسەرەوە
هەتا ئەوسەری فیدراڵی
هەموو جەستەی کوناودەرە
ئەوەتەی هاتومەتە ئەم نیشتمانەوە
کەس نامناسێ و کەس نامبینێ
ئەوەی ناوی نەبێ منم
من لێرە تەنهام
هەموو شەوێ بە چرپاکەی خۆمەوە ئەمبەستنەوە
پلاستەرێکیش ئەدەن لە دەمم
ئەم نیشتمانە ئەوەندە رقی لە منە
هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوێ سەرم ئەپڕێ...... ٣١

شاعیر زۆر بێزارە، هۆکاری زۆربێزاریشی لە دەسەڵات، بەهۆی ئەوەبووە کە لەدەسەڵات نزیک بووەو ئاگاداری کارەکانیان و هەوڵدان بۆ بەرژەوەندییەکان بووە، بۆیە بەراشکاوی دەڵێت هەر خەریکی خواردنی سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی بوون، بۆیە شاعیریش بەکەسێکی خەباتگێڕو رۆشنبیر ناسراوە، نایەوێت بەهۆی ئەم رەفتارانەوە، ئەمیش ئەم پێگەیەی لای گەل لەدەست بدات، یاخود دەڵێت:

ئەمکەنەوەو ڕامئەکێشن
جاری وا هەیە من چەند جار تەواو ئەبم
بەڵام ئەوان ئەرزەکانیان تەواو نابێ!
بێزارم.. بێزار.. بێزار............. ٢٠

یان:

ئەو ڕۆژە نیشتمان بووبوو

به خاوەنی ئەو کارگەیەی
که من دووکەڵکێشی عومری و
که من تۆزێ چیمەنتۆیم.
هەموو ڕۆژێ
وەک برووسکه پەیدا ئەبێ.
دەستی ڕاستی له گیرفانداو
بۆینباخی هەتا خوار ناوک هاتووەو
گوڵێکی سوور به یەخەوەو
به سەرمانەوە ئەوەستێ.
لێدانی دڵمان ئەژمیرێ............... ٦١

شاعیر دەڵێت ئێمەی خەباتگێر، بووینه سوتەمەنی شۆڕش، لەپێناو حەوانەوەی نیشتمان، بەڵام ئێستا نیشتمان لەپێناو بەرژەوەندیدا هەراجدەکرێت، بۆیه بەتەواوی لەم ژیان و هەرێمه نامۆیەو نایناسێتەوە.

## ٣- دیاردەکانی نامۆبوونی خودی له دیوانی (ئێستا کچێک نیشتمانمه)ی شاعیردا

لەراستیدا ئەدەب به گشتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی به ڕووداوی مێژویی و بەستێنه ڕۆشنبیری و سیاسیەکانەوە هەبووەو هەیەو بەردەوامیش بەشێکی ئەدەب بریتی بووە لەمانه، چونکه نوسەر یان شاعیر لەم بارودۆخانەدا ژیابێت، نەیتوانیوە خۆی بەدوربگرێت و باسیان نەکات.

نامۆبوونی شاعیر لەم دیوانەدا، بەهۆی لەدەستدانی پرەنسیپ و بنەماو دروشمەکانی شۆڕش و خەباتەوەیه له ئەرزی واقیعیدا، بەهۆشیەوە وا دەردەکەوێت، که داپراوە لەو خەبات و سیاسەتەی که لەئارادایەو بەسەرخەڵکیدا جێبەجێدەکرێت، بۆیه شێرکۆ له دوای ساڵانی(٢٠٠٩)وە بارودۆخەکه وایکردووە، نامۆبوون لەبەرامبەر نیشتمان (هەرێمی کوردستان) و خودو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات، چونکه هەموان بێهیوابوون و و وردە وردە داپران باڵ بەسەر سەرجەم شتەکاندا دەگرێت و دواجار ئارامی دەروونی لەناخەکاندا نامێنێت و لەجێگەی بێهیوایی سەرهەڵدەدات، واته ئەو دیاردانەی نامۆبوون که باڵی بەسەر شاعیردا گرتووە بەهۆی بارودۆخه سیاسیەکەو سەرهەڵدانی گەندەڵی و لەدەستانی بنەماکان و نەمانی تەبایی و..... تاد.

ئاشکرایه کاریگەری ئەم جۆرە تایبەتەی نامۆبوونی شاعیرو رەنگدانەوەی لەسەر خودی شاعیر، بەهۆی جیاوازی جۆرایەتی و رەنگدانەوەکانی که خاوەنی چەند دیاردەیەکی جیاوازە لەچاو نامۆبوونەکانی تری شاعیران، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلێنی میلفین سیمان (seeman) بۆ دیاردەکانی نامۆبوون بەکاردەهێنین، چونکه هەموویان له خودیەتی شاعیردا رەنگیانداوەتەوەو جێکەوتیان لەناو دیوانەکەدا بەروونی دیارە، که بریتیین له:

### ٣-١- لەدەستدانی کۆنترۆڵ، یان دەستەوەستان ( powerlessness):

مەبەست لەو نامۆبوونەیە کە مرۆڤ لەئەنجامی شکستهێنانی لەبەرامبەر ئەو داخوازیانەی کە هەیەتی، دووچاری دەبێت و هەست بە داڕوخان دەکات و هەست بە هیچ کاریگەربوونێک ناکات(النوری،١٩٧٩: ١٥)، یاخود مەبەست لەو جۆرەیە کە هەستکردنی تاک، لاوازە و بێهێزە و ناتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان کە رووبەڕووی دەبێتەوە، جگەلەمەش دەستەوەستانە لە کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتەکان و بڕیاردان، بۆیە چارەنوس و ئیرادەی بەدەستی خۆی نییە، بەڵکو هۆکارەکانی ترو هێزە دەرەکییەکانی دەرەوەی خۆی دیاریدەکات، هەروەها کاریگەری لەسەر ڕوداوەکان و دروستکردنی بڕیاری چارەنوسی ژیانی نابێت و دەستەوەستانە لە هێنانەدی خودی خۆی (الخلیفه،٢٠٠٣: ٢٦)، بۆیە شێرکۆ بێکەس لە ئەنجامی بێهیوابوون لە پرەنسیپەکانی شۆڕش، تەواوی هیواکانی نیشتمانی لەدەستداوەو لەگەڵ ئەمەشدا دەستەوەستانە بەرامبەر بەم حاڵەتەو تاکە چەکی بەرەنگاربوونەوە، یان هەڵوێست نیشاندانی، نوسینی ئەم دیوانە شیعرییەیە، وەک دەڵێت:

لەناو مندا
بێزاری هێند چڕبۆتەوە
خۆم ئەبینم بێشەڵانم
دەراڵێکی ناو "زماك"م و
تاڵێ هەتاو ناگاتە لام
.
ئەوەی هەموو رۆژێ لای من
کورت و کورتر ئەبێتەوە هەر ژیانە
ئەوەی بەردەوامیش درێژ ئەبێتەوە
سێبەری ژان و زیکاری خەمەکانە

شاعیر لەئەنجامی ئەو نادادییەی کە بەرامبەر بە پرەنسیپەکانی خەبات و شۆڕش کراوە، دووچاری بێزارییێکی زۆر و داپڕانی و بێ متمانەیی و پەیوەندی رۆحی کردووە، بەشێوازێک بەتەواوی کۆنترۆڵی عەقڵی کردوەو ژیانی وەلاناوە، لەپێناو لەبیرچوونەوەی ستەم و نادادییەکان، کە بەرامبەر پرەنسیپی شۆڕش کراون، هەر بۆیە دەڵێت:

هۆ نیشتمان
لە ئێستەدا تۆ بەقەد بەڕەیەکی کۆن و دڕاو
یان جامێکی قوپاو
قوتیلەیەك خۆشەویست نیت
نە جارێك و نەدوو نەسێ و نە بیست
دەستی ئێمەت کردوە بە زاخی درۆکانتا..... ١٧٧

ئەم روانینەی شاعیر بۆ نیشتمان، واتە لەدەستدانی رِق و رِقلیَبةةنی نیشتیمان بەرامبەر دەسەڵات و دروشمەکانی رابردوو، تەنانەت ئایندەش، لەهەمانکاتیشدا ئاماژەی راستەوخۆی دەستەوەستانییەتی بەرامبەر زۆری گەندەڵیەکان، یاخود دەڵێت:

ئەم نیشتمانە نیوەڕوان کە ئەیبینی
خۆیمان لێ ئەکا بە (گاندی) و
لە شەویشدا (بۆساکا)یەو
بە بەیانیان سۆفییەکی نوورانیەو
ئێوارانیش جلی (بارق) و (حەجاج)ی
لەبەردایە!
بە ڕۆژ ئەو درەختی شیعرەو
بە شەو تەورە.
بە ڕۆژ تیرێژی هەتاوەو
بە شەو قەمەی شەوەزەنگە.................١٥٠

شاعیر لەم دەقەدا چەند روێکی نیشتمان پیشاندەدات، لەگەڵ ئەوەی ئەو رووەی کە زۆرترین زیانی هەیە شاراوەیەو لەبەرگی خزمەتدا خۆی پیشاندەدات، ئەمەش وایکردووە، دەستەوەستان بێت لە کارو ئەو مێژووەی کە دروستی کرد بۆ نیشتمان، بەمانایەکی تر و بەراشکاوانە دەڵێت، کۆی ئایدیاو رێبازەکان بەرامبەر بە خەبات و نیشتمانیان راستگۆ نەبوون، هەر بۆیە دەڵێت:

من گەنجێتیم ئەوەندە بێرێز کراوە
لە خەونیشدا خۆم ئەبینم
یان بووم بە تەیرێکی گول و
یاخود بە مێش........ ١٤

ئەم لەدەستدانەی خود لای شاعیر، ناسێنەری ئەو لادان و بێباکییەی دەسەڵاتە بەرامبەر گەنجییەتی شاعیر وەک گەنجێکی شۆرشگێرو کۆی گەنجانی شۆڕش و خزمەتکردنی هاوولاتیانی بەشمەینەتی شۆڕش، بۆیە ئەو کاتانەی کە هەستدەکات ئەوانەی سوتەمەنی شۆڕش بوون، ئێستا بوونەتە بێگانەی شۆڕش و ئەوانەی دژە شۆڕش بوون، بوونەتە نیشتیمانپەروەرو دڵسۆزی نیشتمان، واتە ئەوانەی سوتەمەنی شۆڕش بوون، ئێستا بوونەتە قوربانی و ژێردەستەی بەناو شۆڕشەکان، بۆیە بەراشکاوی دەڵێت:

من خۆم ڕۆژ بووم
بەڵام پریان کردم لە شەو
من خۆم گۆمیلەکەی نێرگز بووم
پریانکردم لە پیرێتی و
پووش و پەڵاش.

من بۆ خۆم ئیستەو ئایندەم
کەچی سواری مێژوویەکی کۆنیان کردم...... ٢١

شاعیر بەراشکاوی دەڵێت دەسەلات بەم کردارانەی، هەرچی هیواو ئومێد هەبوون لەناخی هاووڵاتیاندا کوشتوونی و ئیدی هیچ وەلاو ڕوایەک بەرامبەر ئێستاو ئاینده نەماوە.

## ٢-٣- ناپێوەری، یان لەدەستدانی پێوەرەکان(Norm lessness):

ئەم جۆرەیان بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی ئەنۆمی (Anomie) دورکهایم، واتە داڕمانی پێوەرەکان، بەمەش تاک شکستدەهێنێت لە هەستکردن بەکەمی و لەدەستدانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کەڕەفتارەکان ڕێکدەخات، یان ناتوانن لەگەڵ بەهای نوێی کۆمەڵگەدا خۆی یەک بخات، یان هەست بە ونکردنی پێوەرەکان دەکات، کە بەڕێزەوە پیادەدەکران(النوری،١٩٧٩: ١٦)، واتە دووچاری حاڵەتێکی توندی جیاوازی دەبێتەوە لەگەڵ بەرامبەردا ،هەندێک جاریش ئەوەندە پەرە دەسەنێت، وا دەکات مرۆڤ شێوازی نادروست بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بەکاربهێنێت، یاخود" وادەکات لە کۆمەڵگەدا داڕمانی پێوەری دروستبکات و بۆشاییەکی بێمتمانەیی و گومان لە قاعیدەدا دروستبکات "(النکلاوی،١٩٨٩: ١٠٢).

بۆیە ناپێوەری بریتییە لەو حاڵەی کە تاک بەڕێژەیەکی زۆر هەستدەکات ئەو شێوازانەی ڕەفتار لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕەتکراونەتەوەو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراوی تر کاردەکات"(الجبوری،٢٠٠٨: ١٨)، ئەمەش واتە شتەکان هیچ پرەنسیپێکی پێوەریان نییەو هەڵەکان دەبنە راست و بەپێچەوانەشەوە هەر راستە، یاخود کۆمەڵگە یان شۆڕش کۆمەڵێک پێوەر بەیەکیانەوە دەبەستێتەوەو لەدەستدانی ئەم پێوەرانە، ئیدی کارو مۆراڵەکان نامێنن و بەهۆی ئەم پێچەوانە بوونەوەوە، وا دەکات پێوەرەکان لەدەستبدرێن، بەلەدەستدانی پێوەرەکانیش، دوای ئەو چەند ساڵە زۆرە، راستەوخۆ شاعیر بەتەواوی بێهیواو نامۆ بووە بەرامبەر بە شۆڕش و خەبات و ڕوای بە هیچ پێوەرێک نەماوە، وەک دەڵێت:

لەسەر جادەی سەهۆڵەکە راوەستابووم
نیوەم خەونی مردووی خۆم ئەژمێرێ و
نیوەکەی تر بۆتە زەردی
کزو ماندووی
خۆرنشینی چاوانم و بەجەستەمدا بۆ بەرەو خوار دائەگەڕێ.... ١٨

شاعیر بەهۆی نەمانی بنەماو پێوەرە یاساییەکان، بەتەواوی بێهیوادەبێت لەژیانێک، کە لەدوای ئەو هەموو خەباتەی کە بۆ نیشتمانی کرد چاوەڕێی دەکرد، بۆیە لای شاعیر پرەنسیپی دەوڵەت و دەوڵەتداری لەدەستدراون، بەهۆی ئەمەشەوە دووچاری ئەم نامۆبوونە و ڕوابوون بەناپێوەری بووەتەوە، یاخود دەڵێت:

بەڵام بێزاریی ئەو سەری

وا لە کوورەی تووڕەبووندا
یاخود لەناو گڕکانێکدا
ئەو ساتەی دەتەقێتەوە
لێشاوەکەی شاری درۆ ڕائەماڵێ و
دەمامکی نیشتمانیش
لە سەرەوە هەتا بەرپێ
دائەماڵێ......... ٢٥

شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت بەهۆی نەمانی پێوەرو بنەماو پرەنسیپەکان، بێزاری باڵی بەسەر تەواوی ژیاندا گرتوە، چونکە ئەوەی هێزو دەسەڵاتی هەبێت، ئەم دەسەڵات و هێزی شوێنی یاساکانی گرتوەتەوەو هەرچییێکیان بوێت، بەم هێزە شەرعیەتی پێدەبەخشن، یاخود دەڵێت:

نیوەڕۆت باش!
من ناوم کیسەڵە
ئەوە چەند ساڵە لەم گوێ گۆمە
حەماڵی ئەکەم
ئا ئەو کونەیش ماڵەکەمە.
بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابوون
تووڕەو تڕۆ
بە نووکە شەق هەتا ئەو خوارە بردیانم
پێیان وتم: لەبەر بەرژەوەندی ئاوو ئەو شاخانە
لەبەر بەرژەوەندی هەماو بازو
ئەو هەموو کەڵەکێویانە
ئەبێ بڕۆن، هەتا زووە.
ئێرە چۆڵ کەن،،
چونکە هەڤاڵ هەڵۆزادە وا بەنیازە
لەدوای نەورۆز.. ئائەم ئاستە
لە سەرەوە هەتا ئەو سەر
بکات بە کێڵگەی نازداری
گوڵی خەشخاش!.......... ٣٠

کەواتە لەبەر نەمانی یاساکان، ئیدی هێزو بەرژەوەنی جێگەی دەگرێتەوە، بۆیە شاعیر لەبەر ئەم حاڵەتانەو بەردەوامبوون و زیادبوونیان، دووچاری ئەم لەدەستدانی پێوەرو بەهاو یاساکان بووەتەوە، یاخود دەڵێت:

شەوی ڕابردوو نەنوستم
ئەوەندە نانی شەل و کوێری ئەم وڵاتە یەخەی گرتووم.

شەوی ڕابردوو نەنوستم
ئەوەندە سکاڵای: گەڵای غەدرلێکردو.
پۆلە چۆلەکەی برسی، پۆلە شەپۆلی تینوو،
پۆلە گوڵی چاو بە فرمێسک. ڕەوە ئەسپی ماندوو،
هاواریان لێکردووم............ ١٦٠

خوێندنەوەی بەردەوامی شاعیر بۆ دەوروبەر و رووداو و هەنگاوە سیاسییەکان، لەبەرامبەریشدا هەستکردن بە ئازارەکانی هاوولاتییان، دووچاری ئەم نامۆبوونەی کردووەتەوەو ئەوەی بەدەستییەوە مابێتەوە، نوسینی ئەم دەقە بوو، لەپێناو خستنەرووی هەڵوێستی خۆی، چونکە لەرێگەی ترەوە نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێک هەڵبگرێت، بەهۆی نەبوونی یاساو رێکارەکانییەوە، هەروەها دەڵێت:

مامزێکی سپی وتی:
هۆ نیشتمان
وشەی (جوانی) نازانێ بچێ بۆ کوێ؟!
وشەی (پاکی) دۆش داماوەو
ناوێرێ بچێتە دەرێ
نەبادا لەناوی بەرن.......... ١٧٧

ئەوەی شاعیری ئەوەندی تر نغرۆی ناخی خۆی کردووە، ئەو بەریەککەوتن و پێکدادانەی ناخی شاعیرە لەنێوان شاعیر وەک خەباتگێڕ و شاعیر وەک بەرپرس و شاعیر وەک هاوولاتییە، بۆیە دەڵێت:

وشەی (هەق) بێ سەر و شوێنەو
دەمێکە کەس نەیبینیوە
وشەی(ئارام) ئەڵێ تاقەتم لێبڕاوە
ڕەنگە لەم وڵاتەدا ئیترر ناوی خۆم
بگۆڕم بە (ناکام).
بەڵام وشەی (غەدر)
هەموو ڕۆژ لەبەر دەرکی سەرایەو
پیاسە ئەکاو
پڕ بە شاریش پێئەکەنی.......... ١٧٨

ئەم رەشبینیەی شاعیر لەخۆوە نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو کارانەی کە باسکران سەرچاوەی گرتووە، دەستەوەستانی شاعیریش لەبەرامبەر چارەسەرکردنی، وایکردوە دووچاری ئەم ناپێوەری و نامۆبوونە خودیە ببێتەوە.

## ٣-٣- لەدەستدانی مانا، یان نامانایی (meaninglessness):

ئەو جۆرەیە کە تاک هەست بە بنەماکانی ژیان، یان بەهای ژیان ناکات، بەهۆی ئەوەی ئەو ڕوداوانەی کە لەدەوروبەریەوە روودەدەن، یان پیادەدەکرێت، تاک بەهیچ شێوەیەک پێیان ڕازی نییە، (قیس،١٩٧٩: ١٥) ئەمەش واتە نەمانی ئامانج و ماناو پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگەوە، واتە ژیان هیچ مانایەکی نامێنێت، یاخود بریتییە لە چاوەڕوانکردنی (توقع) تاک، بەوەی کە ناتوانێت پێشبینی توانست و ڕەفتار و بیروباوەڕی خۆی بکات لەداهاتوودا، یان ئاستی هەستی تاک و تێگەیشتنیەتی، (حنان،٢٠١٥: ٤٢)، لەم روانگەوە (هربرت سیمۆن) دەڵێت " مرۆڤ نامۆ دەبێت کاتێک لای روون نییە چی بکات و پرواو متمانەی بەچی هەبێت، بۆیە مرۆڤی نامۆبوو، پێیوایە ژیان هیچ مانایەکی نییە، چونکە بەپێی لۆژیکێکی تێنەگەیشتوو و نادروست دەڕوات و ژیانێکی بێسەروبەرە دەژێت"(الجبوری،٢٠٠٨: ١٨) بۆیە شێرکۆ بێکەس لە دوای خوێندنەوەی رووداوەکان و مێژوو و ئەزموونی حکومڕانی و ئایندەی سیاسی، پرِوای بە هیچ گوتارێک و ئامانجێک نەماوەو بەتەواوی لێیان بێ هیوایە، وەک دەڵێت"

لەم رۆژژمێرەی ئێستەدا
سەعات لە رۆژ
هەفتە لەمانگ
مانگیش لەساڵ وەرەس بووە....... ٩

شاعیر دەیەوێت ئەوە بخاتەروو، بەهۆی ئەو بارودۆخەی سەپێنراوە، هاوولاتیان بەبەردەوامی دووچاری نامۆیی و بێمانابوونی ژیان بوونەتەوە، بەمانایەکی تر ژیان هیچ بەهاو مانایەکی نەماوەو ئەگەر ئەم حاڵەش بەردەوام بێت، ئەوا مرۆڤ دووچاری دیاردە مەترسیدارەکان بەرامبەر بە خۆی دەبێتەوە، هەروەها دەڵێت:

ئەوەتەی هاتوومەتە ئەم نیشتمانەوە
کەس نامناسێ و کەس نامبینێ و
ئەوەی ناوی نەبێ منم.
من لێرە تەنهام....... ٣٢

کەواتە ئەم بێزاری و داڕانە مەترسیدارەی شاعیر بەهۆی بەهێزی سەرچاوەی رۆشنبیری نەبووایە، ئەوا دووچاری چەندین گرفت دەبوویەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی بە خاوەن بەرپرسیاریەتی دەزانێت، بۆیە ئەرکی رووبەڕووبوونەوەی نامۆبوون و دیاردەکانی گرتووەتە ئەستۆ، بۆیە دەڵێت:

من بە ئاسانی نادزرێم
بەڵام لێرە ئەگەر ئاگام لەخۆم نەبێ
ئەمدزن و ئەمفرِێنن
ماسکەکەی من ئەبەستن و
ترازووەکەم هەڵئەگرن و

ئەچنە دەرێ بۆناو خەڵک و
سلسار سلسار
ئەڵێن ئێمە نەک عەدالەت
خودایەکی تازەهاتووی ئەم وڵاتەین!....٣٣


ئەم ڕەفتارە نادروستانە وای لە خودی شاعیر کردووە بەتەواوی بێهیوابێت و هیچ شتێک لەڕوانگەی شاعیرەوە مانایەکی نابێت، بۆیە هاووڵاتییان ئینتیمای نیشتمان لەدەستدەدەن، بەمانایەکی تر دەیەوێت بڵێت ئەم ڕەفتارانە هەرکەسێکی تر بووایە ئاسایی دەبوو، نەک شۆرشگێڕەکان، هەربۆیە دەڵێت:

ئەمڕۆ نیشتمان لەسەر جادەی سەهۆڵەکە
خۆی کردبوو بە فریشتەو دەمامکی یەکێک
لە پاکیزەکانی بەستبوو! لە پڕێکدا ژنێکی
ڕەقەڵەی ڕەشتاڵەی ناو ئەنفال هات و
بەدوو پەنجە دەمامکی خستە خوارێ و
ئەوسا ئیتر
لە هەردوو چاوی و هەردوو کونە لووتی و
دەمیەوە، تۆپەڵ تۆپەڵ، کرم و قالۆنچەو
سیسرک و مڵەو هەزارپێکان هاتنەدەرێ!<...... ١٥٢

شاعیر دەڵێت ئیدی نابێت لەبەرگی نیشتمان و خزمەتکردندا، مافی هاووڵاتیان بخۆن و منەتیشیان بەسەردا بکات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، ئیدی ئەو بەناو خەباتگێڕو شۆڕشگێڕانەی بوونەتە رابەری خزمەتکردنی هاووڵاتیان، بناسرێن و لەبەرچاوی گەل بخرێن.

## ٣-٤- داپڕانی کۆمەڵایەتی (social isolation):

مەبەست لە داپڕانی تاکە لە کۆمەڵگەو ڕۆشنبیری گشتی، یان هەست نەکردن بە ئینتیما بۆ کۆمەڵگە و خاکەکەی و نەگونجاندن لەگەڵی و دورکەوتنەوە لە بەشداریکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەمەش هەست بە نەگونجانی دەروونی و بیری لەگەڵ ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا ناکات(قیس،١٩٧٩: ١٧)، واتە لەئەنجامی دژیەتی لەنێوان جیهانی مادی و میتای شاعیردس، نامۆبوونی خودی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەم ململانێیە.




یاخود مەبەست لە هەستکردنی تاکە بە تەنهایی و بۆشایی دەروونی و دورکەوتنەوە لەوانی تر و پەیوەستنەبوون لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەریک فرۆم دەڵێت"شێوەی کۆمەڵگەکانی ئێستا وا

لەمرۆڤ دەکات بەرەو نامۆبوون و ئاڵۆزی بڕوات" (فرۆم،١٩٨٠: ١١)، بۆیە ئەو داڕمانەی کە خەڵکی شار هەستیان پێدەکات ململانێی بنچینەییە لەنێوان بەهاکاندا(عباس،١٩٧٨: ١٨٣) بەمانایەکی تر داپڕانی کۆمەڵایەتی لەم دەقەدا داپڕانی تاک وەک شێرکۆ بەشێوەیەکی گشتی، یەکسانە بە داپڕانی کۆمەڵایەتی لەنێوان دەسەڵات و خەڵک، سیاسییەکان و خەڵک، چونکە شێرکۆ ئەگەر مەبەستی بوایە بەئاسانی دەیتوانی بیانبینێت، بەڵام دواجار لەئەنجامی گەندەڵی و لادان لە یاساو سەروەریەکان، ئەم داپڕانەی خستوەتەروو، بۆیە شێرکۆ یان شار بریتییە لە هەرێم و هەرێم بریتییە لە نامۆبوون، بەهۆی ئەو نادادی و پەیوەست نەبوونەی بە ئامانجەکانی شۆڕشەوە، لەمەش خراپتر نامۆبوون بریتییە لە ئاسۆ، بەڵام سەبارەت بە شێرکۆ ئەم جۆرەیان داپڕانە لە کۆمەڵگەی سیاسی و دورکەوتنەوە لە رۆشنبیری و کاری سیاسی، نەک داپڕان لە خەڵک، چونکە شێرکۆ لەبەرەی گەلدایەو لەسەر ماف و هەڵوێستی خەڵکی هاتووەتە دەنگ، بەمانایەکی تر شێرکۆ وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەرێگەی شیعرەوە هەڵوێستەکان دەخاتەروو، وەک دەڵێت:

من (کامەران)م
یەکەم درۆی نوسراو بەرجەستە
بە خۆمەوە
ناوەکەمە!......... ٧

شاعیر دەیەوێت بڵێت راستە ناوەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی نراون، بەڵام ناوەکانی دوای ڕاپەڕین لەسەر بنەمای هیواو ئومێدەکان بوون، بۆیە کامەران ئەو کاتەی کە پێویست بوو کامەران بێت، غەمناک بوو، یان بەمانایەکی تر ئەو ناوانەی کە وەک نازناوی شاخ بەکاریانهێنان(کامەران، هێمن، راستگۆ، هەڵۆ....تاد)جگەلەدرۆیەکی گەورە هیچی تر نەبوون، هەروەها دەڵێت:

تۆ نیشتمان!
ئەی ئەو پیاوەی لە قوللەی بەرزی
غوروری ناو سەرتەوە ئەڕوانیتە
خواری خۆت و بۆ جارێکیش دانابەزیت
بۆ ناو گوردەمی برین و لای پاییزی
ئەم هەمووە ژانە چاوەڕوانانە!...... ٩٨

پەیامی شاعیر بۆ ئەو کەسانەیە کە لە شاخ لافی شۆڕشگێری و ئایدیای شۆڕشیان لێدەدا، بەڵام ئەمڕۆ لەشار بوونەتە ئاغاو کوێخای خەڵک و دەیانەوێت خەڵک دەست بەسنگەوە بگرن بۆیان و چیان بوێت بۆیان بکەن، یاخود دەڵێت:

ئەم نیشتمانە قەڵەمێکی هەیە چەند نووکێکی
ڕەنگاڵەی پێوەیە.. بە ڕەش ئەنووسێ ئازادی منێ و
بە سووری نێر ئەیکوژێنێتەوە. بە مۆر ئەنووسێ

یەکسانی و بە شینی خێڵ ئەیکوژێنێتەوە. بە سەوز
ئەنووسێ دادپەروەری و بە قاوەیی حیزب ئەیکوژێنێتەوە.
ئەم نیشتمانە ئەگەر زانی بەڵێنێکی داوەو بەڵام بەڵێن
بۆی بووە بە لەمپەر ئەوسا ئیتر ڕۆژ و مانگ و ساڵ
ئەگۆڕێ و
بێباک.. بێباک ناوەکەی خۆی چز ئەکات و
ئیمزاکەی خۆی ئەسڕێتەوە!.................. ١٦٣

ڕەش لەکۆمەڵگەو لەبواری کۆمەڵایەتیدا، واتای مەرگ و ناخۆشی دەگەیەنێت، بۆیە دەیانەوێت ئەم ناخۆشیەی کە پێماندەدەن، بە ئازادی بناسین و ئەو زوڵمەی لەبەرگی شەرەف و لایەنی کۆمەڵایەتی دەکرێت لێی بێدەنگبین، بۆیە شاعیر لەئەنجامی کەمتەرخەمی کۆی خزبەکان لەم ڕوانگەوە، دووچاری ئەم داڕاندنە بووەتەوە.

### ٣-٥- **نامۆبوونی پرەنسیپی:**

بریتییە لەو نامۆبوونەی کە شاعیر بەتەواوی نامۆیە لەو پرەنسیپانەی، کە زەمەنێک پرِوای پێ هەبووەو کاری بۆ کردووەو چووەتە شاخ و تەمەنێکی خۆی بۆ کردووەتە قوربانی، بەڵام لەئێستادا بەهۆی کارنەکردن بە پەرەنسیپە بیرییەکان و خەبات لەناو شاردا، بۆیە لەو خەباتە بێهیوابووە، بەئەندازەیاک گەیشتووەتە ئەوەی دووچاری نامۆبوونی رۆحی و خودی ببێتەوە، بەمانایەکی تر ئەوەی کە شاعیر دووچاری بووەو بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت بریتییە لە نامۆبوون لەو پرەنسیپانەی کە سەردەمانێک ئایدیاو بیروباوەڕبوون، بەڵام ئێستا بوونەتە سەراب، واتە شاعیر لەئەنجامی هەڵگەڕانەوەو دوورکەوتنەوە لەو پرەنسیپانەی کە لە شاخ کاری لەسەردەکراو شەهیدی بۆ دەدرا، لەئێستادا بووەتە درۆیەکی واقیعی، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە، دووچاری ئەم نامۆبوونییە خودیە لەگەڵ خۆی و دەروونی و ڕۆحی و بیری و پرەنسیپە مرۆییەکان بێتەوەو هانا بۆ کچ بەرێت، چونکە بە تاکە لانکی ئارامی وەفاداری دەزانێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی خۆی لەدەستنەدات، وەک دەڵێت:

کە وڵات بوو بە چەتەوڵی هەڕەشەو
چی دەرگایە لێی داخستی
ئیتر شتێک نییە لەمەدا هەرگیز
تۆ پێی بڵێی خۆشەویستیی........ ٢٢

شاعیر زەمەنێک کاری بۆ هێنانەدی پرەنسیپە مرۆییەکان کردووە، پێچەوانەبوونی هەوڵەکان، یان لەباربردنیان، ئیدی خۆشەویستی لەدڵی مرۆڤدا دەکوژێت، دواتریش نامۆبوونە بەرامبەر ژینگەو ژیان و پرەنسیپەکان سەریهەڵدەدات، یاخود دەڵێت:

من تەڵاشم یا کۆتەرم؟!
هەموو جارێ خۆم ئەبینم گێژاوێ خولم ئەدات و

ئەمباتە بنی بنەوەو لەناکاویش هەڵم ئەداتە
سەرەوە. نە ئەوەتا بە ئێجگاری نەقم بم و
نە ئەوەتایش هەتاکو سەر هەر لە سەرێ بمێنمەوە!....... ٢٢
یان: ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجەی دزرا!
ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی ڕێگە دزرا!
ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا!
ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فڕین دزرا.
سارومارە.. سارومارە
ئەم دیرۆکی دەسەڵاتی سەرزەمینەو......... ٣٣

لەئەنجامی هاتنەئارای زەمینەی نەخوێنەوارو نەزان بیێتە باڵادەست و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا، گوێ بە هیچ یاساو رێسایەک نەدات، ئیدی پرواو متمانە بە پرەنسیپەکانی دەوڵەت و حکومداری و ......تاد نامێنێت، لێرەوە ئەوانەی یەکێک بوون لە هۆکارەکانی هێنانەئارای سیستم و یاسا، بێهیوایی باڵیان بەسەردا دەکێشێت و دواجاریش دووچاری ئەم نامۆبوونە دەبنەوە.

**٣-٦- نامۆبوونی چارەنووسی:**

ئەو جۆرەیە کە شاعیر لە ئەنجامی ئەم هەنگاو و هەڵوێستەو بەراوردکردنی بەرابردوو، دووچاری ئەوە دەبێتەوە، کە ئیدی شتێک بەناوی کارکردن بۆ ئایندەو چارەنوسێکی باش، کارێکی بێمانایەو ئاسنی سارد کوتینە، چونکە بەهۆی نەک جێبەجێنەکردن، بەڵکو کارپێنەکردن بەو بەرنامە سیاسیەی کە پرواى پێی هەبوو، بەمەش سێ جۆر شێرکۆ بێکەس لەناو دەقەکەدا دبینین،( شێرکۆیەک لەناو دەقەکەدا) (شێرکۆیەک لەدەرەوەی دەقەکەدا)، (شێرکۆیەک لەناو ڕابردوودا)، یەکەم و دووەم بەهۆی هەڵچوون و هەڵوێستەکانیەوە لەناو دەقەکەدا دەردەکەوێت ،ئەوی تریان ئەو مێژووەی کە کاری بۆکردووەو ئێستای واقیع وای لێکردووە، هەمووی بێتەوە یاد و باسی بکات و دووچاری بێهیوایی و داپرانی بکات لەگەڵ چارەنووس و ئەنجامەکانی شۆرشدا، وەک دەڵێت:

پێم ئەڵێ ئەو دەنووکە دەنووکی خۆت نییە
بۆیە بێزاربووم و ئەمەوێ ئەم
باخچەیە بەجێ بهێڵم و لەداخاندا
سەری خۆم هەڵگرم و
ڕووبکەمە باخچەیەکی دوور دووری هەندەران!........... ١٧

شاعیر بە ئاشکرا هیواو ئاواتی زۆربەی زۆربەی گەل دەخاتەروو، بەوەی ئاینده لەم هەرێمەدا بوونی نییە، بۆیە لەپێناو ژیان و ئایندەدا، وڵاتانی ئەوروپی باشترین بژاردەیە، یاخود دەڵێت:

هاوار خۆی وتی:

ئەوە چەند ساڵە لە نووزەی منداڵیمەوە
هەتا ئیستا دەمم ناوە
بە گوێچکە پان و پۆرەکانی ئەم نیشتمانە سەر زلەوە
ئەوە چەند ساڵە ئەم هەموو گەڵاڕێزانەو
ئەم هەموو دەست و پەنجە ڕێزانەو
ئەم هەموو نیگا ڕێزانە
یەک لەدوای یەک
ڕەوانەی ناو گوێچکەکانی ئەو ئەکەم
هەموویان ئەڕۆن و بەڵام کەسیان ناگەڕێنەوە!
نازانم لەو گوێچکانەدا چییان بە سەر دێ؟!.
کێ ئەبینن؟!
ئەگەنە کوێ؟! نازانم نا!............ ٤٢

شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت کە لەم هەرێمەدا نە سەرنج و پێشنیار و راپۆرت و یاداشت و......تاد، نەبەهاو نرخێکی هەیە، نەرێرەوی خۆی وەردەگرێت، بۆیە ڕوابوون بە کارکردن لەسەربنەمای رێرەوە یاساییەکان کارێکی مەحاڵە، هەروەها دەڵێت:

ئەی مێژووە بێدەربەستەکە!.
ئەی نیشتمانی بێ سیفەت!
من گەنجێتیم لەسەر جادەی سەهۆڵەکە
هەموو ڕۆژێ چون ئاوێنەیەکی وردوخاش
لەژێر قاچە زلەکانتا ئەبینم و
کەچی خۆتی لێ گێل ئەکەی!............... ١٢٤

شاعیر بەڕاشکاوی ئەوە بەدەسەلات دەڵێت، ئەو هەموو خەبات و قوربانیدان و ماندووبوونەی هاووڵاتیان لەپێناو نیشتماندا درا، دەرئەنجامەکەی ئەم وەلانان و مافخواردنەبوو.

## ٤- ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١- ئەوەی گرنگە و بۆ شێرکۆ بووەتە ناسنامەی توانستی شیعریی ئەوەیە، توانیویەتی ئەم ئەدای زمانیە نامۆییە خودییە لەناو تەواوی جۆرەکانی نامۆبوون، یاخیبوون و.....تاد بەرهەم بهێنێتەوە، ئەمەش ئەوەندەی تر توانستی زمانی بەخشیوەتە دەقەکە.

٢-نامۆبوونی شاعیر لە ئەنجامی هەڵوێستی خراپی سیاسییە، نەک لاوازی خود.

٣-نامۆبوونی شاعیر لە نیشتمان، لەپێناو هاونیشتمانیاندایە، نەک خودو دژ وەستانەوەی نیشتمان.

٤-نامۆبوون دەرئەنجامی چەند حاڵەتێکی جیاوازەو بەردەوامیان دەبێتە هۆی نامۆبوونی توند.

٥-نامۆبوونی شاعیر بەهۆی خوێندنەوەی ئەزموونی(١٩) ساڵی حکومڕانی هەرێمەوەیە، لەپێناو ناساندنی و باشتربوونی پێش ئەگەرەکان.
٦-جیاوازی و دووفاقی زۆری نێوان دورشمەکانی شاخ و کاردکردن لە ناو شارو دەڵەتدا، هۆکاری سەرەکی بەنامۆکردنی شاعیرە.
٧-نامۆبوونی شاعیر، نامۆبوونی خودە وەک شاعیر و خود و دەوروبەرو هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کوردییەکان:


بێکەس، شێرکۆ،(٢٠١٢)، ئێستا کچێک نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
رەئوف،د.لوقمان، (٢٠١٦)،شوناسی شیعری شێرکۆ بێکەس،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
هەژار،(١٣٧٦)، هەمانەبۆرینە، سروش، تهران،


### دووەم: عەرەبییەکان


الجبوری، یحی،(٢٠٠٨)، الحنین و الغربه فی الشعر العربی، دار مجدلاوی، عمان، الاردن
حماد،حسن محمد حسن،(١٩٩٥)، الاغتراب عند اریک راوم، المؤسسه العربیه، بیروت
خلیفة،عبداللطیف محمد، (٢٠١٧)، دراسات في سیکولوجیة ا لاغتراب ،دار غریب
زهران، سناء حامد، (٢٠٠١)، ارشاد الصحة النفسیة، لتصحیح مشاعر الاغتراب، مصر
زیادة، معن ،(١٩٨٦)، الموسوعة الفلسفیة العربیة مج1، معهد التاریخ العربي، بیروت، ط1
سری، اجلال محمد،(٢٠٠٥)،النفسیة الاجتماعیة، مصر
سلامی، سمیر، (٢٠٠٠)، الاغتراب فی الشعر العباسی، القرن الرابع الهجری، دار الینابیع، دمشق، حلب، ط١
شاخت، رتشارد، (١٩٨٥)، الاغتراب، ت:کامل یوسف حسین، بیروت،ط١
مارکس، کارل،(٢٠١٨)، اسس نقد الاقتصاد السیاسي،ترجمه: عصام الخفاجی، دار ابن خلدون للطباعة والنشر
عباس، احسان، (١٩٧٨)،اتجاهات الشعر العربی المعاصر، المجلس الوطنی للثقافه، الکویت
العبدالله، یحی،(٢٠٠٥)، الاغتراب، دراسه تحلیلیه لشخصیات الطاهر بن جلون الروائیه، الموسسه العربیه للدراسات النشر، بیروت،ط١
عبدالمختار، محمد خضر، (١٩٩٩)، الاغتراب والتطرف نحوالعنف، دار غریب للطباعه والنشر والتوزیع، القاهره
العقیلي، عادل بن محمد، (٢٠٠٤)، الاغتراب و علامة بالامن النفس، رسالة ماجستیر، جامعة ریاض
غمیض، حنان،(٢٠١٥)، الغربة والحنین في الشعر العربي الحدیث الغربة والحنین في الشعر العربي الحدی،جامعة محمد بوضیاف المسیلة
فروم، اریک، (١٩٨٠)، الانسان بین الجوهر والمظهر،ت: سعد زهران، عالم المعرفه

مجاهد. مجاهد عبر المنعم، (١٩٨٥)، الانسان و الاغتراب، دمشق
مرسى.ابوبكر، (٢٠٠٢)، أزمة الهوية في المراهقةو الحاجه للأرشاد النفسي، مصر
النصاري، جمال الدين ابن منظور بن مكرم،(١٩٦٨)، لسان العرب، مجلد ،١٠
النكلاوى، احمد، (١٩٨٩)، الاغتراب فى المجتمع المصرى دط، دار الثقافة العربية، القاهرة
الوهاب، طارق محمد عبد،(٢٠٠٠)، سايكولوجيه السياسيه، القاهره، دار الغريب للطباعة
يوسف، د.محمد عباس،(٢٠٠٥)، الاغتراب و الابداع الفني، ب. ط، مصر

**نامەكان:**

بوعافيه، حياة،(٢٠٠٩)، الاغتراب فى الشعر ابى العلاء المعرى، رساله ماجستير، جامعه، محمد بوضياف
العقيلي، عادل بن محمد، (٢٠٠٤)، الاغتراب و علامة بالامن النفس، رسالة ماجستير، جامعة رياض
غميض، حنان، (٢٠١٥)، الغربة والحنين في الشعر العربي الحديث، رساله ماجستير، جامعة محمد بوضياف المسيلة
كراد،موسى، (٢٠١٧)، الاغتراب فى الشعر الجزائرى الحديث، رساله ماجستير،جامعه الحاج الخضر، الجزائر

**گۆڤارەكان:**

بركات، د.حليم، ١٩٨٧، عزبه المثقف العربى، مجلة المستقبل العربى، عدد ٢،تموز
جديدي، زليخه،٢٠١٢، الأغتراب، مجلة العلوم الانسانية الاجتماعية، عدد٨
السيد، غسان،٢٠٠٠، الاغتراب فى ادب زكريا تامر، مجله الموقف الادبى، اتحاد الكتاب العرب،، المجلد ٣٠، العدد ٣٥٢ ،٣١ أغسطس/آب ٢٠٠٠
نورالدين، صبار،٢٠٠، الاغتراب بين القيمة المعرفية و القيمة الجمالية،المجلد 30، العدد 355، 30 نوفمبر/ تشرين الثاني
النورى، قيس،١٩٧٩، الاغتراب اصطلاحا مفهوما و واقعا، مجله الفكر، المجلد،١٠عدد،١،كويت.

## Self – alienation in (Sherko Bekas) poems

(Now one girl is my homeland) for example

Assistant.Pro.Dr.Luqman Rauf Ali

**Abstract**

This research works on alienation in the book (Now the Girl is My Homeland) by Sherko Bekes, and from this perspective the concept of alienation is presented and

defined, with different viewpoints on alienation. In order to present the goal that is presented in the kind of alienation from Sherko Bekas himself, the alienation in this study is to present the reasons that made him a patriotic, nationalist, revolutionary poet ... etc. After the victory of the revolution and his return from abroad, he became a stranger to the homeland, while He spent many years serving the country, the revolution, and exile, but he did not feel alienated from the homeland until the victory of the revolution and his return from abroad. He hoped to serve the country, but at the beginning of his return and his life in Sulaymaniyah, his views were reflected on the outcome of the revolution, so it suffers from alienation, due to its lack of fulfillment. With slogans of revolution, struggle, ideas and others. Diwan (now the girl is my homeland) is proof of these facts.

This research consists of two parts: the first part deals with the concept and definition of alienation and alienation from different angles, with the definition of the poet's alienation from two directions (the poet's alienation from himself, the self's alienation from the environment).

As for the second part, it deals with the phenomena of self-alienation in the poet's poems, such as loss of control, inability to measure, loss of meaning, social isolation, alienation of principle, alienation of fate).

Keywords: alienation, poet, self, spirit, principle